پنتاگۆن قەبارەی زیانەکانی لە عێراق و سوریا ئاشکراکرد

وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا ئاشکرایکرد، لە مانگی تشرینی دووەمی رابردووەوە لە ئەنجامی هێرشی گروپە چەکدارەکان بە سەر بنکە سەربازییەکانیان 146 کەس بوونەتە قوربانی.

پیت نگوین، وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا رایگەیاند، لە 18 ی تشرینی دووەمەوە تا ئێستا 146 ئەمریکی بریندار بوون، سێ کەس کوژراون کە دووانیان بەهۆی سەختی برینەکانیانەوە بوون، نۆ کەسیان برینەکانیان سەختە و 132 کەسیان برینەکانیان ئاساییە.

لە تشرینی دووەمەوە تا شەوی رابردوو 168 هێرش کراوەتە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوریا و ئوردن.